کاک ناسری بەرێز! بنەماڵەی بەرێزی فەریقی!

بە داخ و ماتەمێکی زۆرەوە خەبەری مەرگی لەناکاو و ناوەختی ئەستێرەی گەشی ئاسمانی هونەری گەلەکەمان، پێشمەرگەی دێرین، خەباتگێری نەفەسدرێژی مافی ژنان، کەسایەتی خاوەن هەڵوێست و شۆڕەژنی کەم وێنەی کورد مەرزییەی ئازیزمان پێگەییشت. نەمانەویست باوەڕ بکەین و بە دڵێکی پەرۆش و چاوێکی پڕ لە فرمیسکەوە لە بەرانبەر شاشەی تەلەویزیۆنەکەدا چاوەروان دانیشتین. دڵخۆشی خۆمان ئەدایەوە و لە دۆست و برادەرانمان کە دەیان پرسی داوامان ئەکرد کە خەبەرەکە بڵاو نەکەنەوە بەڵکوو درۆ بێت. کە کاتی یەقین هات و خەبەرەکە وەکوو دیوار بە سەرماندا خراب بوو، چەند ساتێک کەوتینە باوەشی خەیاڵو و کاتەکانی ژیان و پێکەوە گەورەبوون لە شارەکەمان وەکوو فیلمێکی تیراژیدی بە بەرچاوی خەیالماندا بەپەلە تێپەڕ بوو. یادی دەورانی مەدرەسەمان هاتە بیر و ئەوەڵین گورانی ئەو لە سالۆنی شێروخۆرشیدی شاری مەریوان. جوان لە بیرمانە لە ناو شانۆیێکا گۆرانییێکی فارسی خوێند بەناوی دایک(مادر). سەرەڕای تەمەنی کەمی ئەو کاتەی ئەو توانی بە نیشاندانی ڕادەیێکی بەرز لە متمانە بەخۆیی و توانایێکی چاوەڕوان نەکراو تەئسیرێکی قووڵ بکاتە سەر بینەرەکانی شانۆکە. باوەڕمان نەدەکرد کە کچێکی کوردی کەم تەمەن بتوانێت لە قەوارەی گۆرانی وێژانی گەورەی ئەو سەردەمەدا هونەر و توانایی بنوێنێت. بە دڵ و بە دەم ئافەرینمان پێ ئەوت. پێمان وایە کە ساڵەکانی 1351 یان 1352 بوو. دوای ئەوەش زەماوەنەکەی ،شۆڕشی ساڵی1357 و دەورانی دەربەدەری و سەختی، پیشمەرگایەتی و لە ئاخریشدا غوربەت.

لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانماندا لە شاری کۆڵنی ئاڵمانیا لە جوابی پرسیارەکەی ئێمەدا بۆچی ماوەیێک لە ساڵەکانی رابردوودا کەم بەرهەم بووی، ئیشارەی بە چکۆلە بوونی منداڵەکانی کرد و ئەرکی خۆی وەکو دایکێک وەبیر هێنایەوە. لە ئاخردا پێکەنی و وتی ئیستا کە منداڵەکانم گەورە بوون دوبارە دەس ئەکەمەوە بە جەولە. لە ڕاستیشدا خەباتی ئەو لە مەیدانی هونەر و دایکبووندا درێژەی خەباتی دەورانی پێشمەرگایەتی بوو. ئەو دایکە بەرپرس و بە هەستە ماڵ ئاوایی لێکردین و کۆمەڵێکی زۆر بەرهەم و یادی شیرینی لەگەڵ خەم و پەژارەیێکی فراوانی بۆ بە جێ هێشتین.
مەرزییە خان! ئەو خەمە شیرینە شاراوەی ناو گۆرانیەکانت زۆر جار یارمەتیدەری پەڕانەوەمان لە کاتەکانی سەخت و دڵتەزێنی ژیان بوو. ئەم جارە لە هەورازی خەمی کۆچە پڕ لە ئێشەکەت چۆن تێپەربین؟ مەگەر گوێ گرتن بۆ ئەو سۆزە ئاشنایە ئەم جارش لەم خەمە گرانە بمان پڕێنێتەوە.
کاک ناسری بەڕێز! بنەماڵەی بەڕێزی فەریقی! ئیمە بە ئیتمینانەوە لەو بڕوایەداین ، هەموو کوردێک و ئینسانێەك کە مەرزییەی دیبێت و ناسیبێتی ئەورۆ لە خەمتانا شەریکە و چاو بەفرمیسکە. بۆیەش تکایە ئیجازە بدن، سەرەخۆشی و هاودەردی قولی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و سەرجەم ئەو ئینسانانە بکەین کە مەزییەیان دەناسی و خۆشیان دەویست. ئیمە لەو بڕوایەداین کە ئەمە بەشێکی یەکجار زۆری کوردەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان و گەلێک ئینسانی غەیری کوردیش دەگرێتەوە.

لە گەڵ ڕێز و ئیحترامێکی زۆر
ئافاقی تووفانی جەهانبەخش روستەمی